# غەدرم نەکردووە..راستیم گوتووە !

**عوسمان ریشە**
dyako@maktoob.com

هەرلەومالّپەرەدا ولەسەر نوسینێکی من برایەك بەناوی خوازراوی (جوتیار) ووەبەسەردێری (تۆش غەدر لەهاوولاّتی مەکە) وتارێکی نوسیووتیا یدابەنەفەسێکی توورەوە چەند قسەیەك دەکات و هەندێك داواشی لەمن کردوە، من بەبەرچاو تەنگو خۆی بەمۆدێرن وشتی لەو بابەتانە ناو دەبات کەلەوانەیە بۆمنی ئلسایی تێگەشتنیان زەحمەت بێت !

بەر لەهەمو شتێك دەمەوی بلّێم کاك (جوتیار) نازانم بۆ ناوی راستەقینەی خۆی نەنووسیوە، ئەگەر مەبەستێکی دیاریکراوی جیا لە مەبەستی رۆژنامەنووسی لە دواوە نەبێت لەوانەیە بۆ من و خوێنەرانیش پرسیارێکی دیکەی هەلّگرێت!.

من لەم نووسینەمدا کە کاك جوتیار وەلاّمەکەی لە سەر نووسیوە قسە لە سەر هەوالّێکی هاوولاّتی دەکەم کە پێم وایە ئەوە هەلّە نی یە بەلّکو مانایەکی لە هەلّە بە دەری هەیە کە رەنگە ئەوەشیان بۆ خۆی پرسیارێك بێت، هەرەشەکانی من لە هاوولاّتی وەك کاك جوتیار بۆی چووە وا نی یە تێگەیشتنیشم لە ئازادی بە هەمان شێوە هەر وانی یە، کاك جوتیار دەلّێت : ئێستاش زۆر رۆژنامە و رۆژنامەنووس خوێنی تەلی ئەو سنوورەیان بە پەنجە و قەلّەمەکانیانەوە ووشك بووە و بەلّکو زۆریشیان نەزیف بوون.

من لە گەلّ ئەو قسەیەدام هەموو ئەو کارە درێوانە مەحکوم دەکەم کە دەرهەق بە رۆژنامەو رۆژنامەنووسان دەکرێت، لای خۆشمەوە هەمیشە تاکێکی پشتیوانم لەو قەلّەمانەی کە لە پێناو دروست کردنی فەزایەکی نوی خەبات دەکەن.خەبات بە تێگەیشتنی تۆ نا چونکە وەك لە قسەکانتدا دەردەکەوێت تۆ مرۆڤێکی خەباتکار و وولاّت پارێز نیت و منیش ناتوانم لەو خانەیەدا بتژمێرم، خەبات بە تێگەیشتنی تەواوی خەلّکی کوردستان و هەموو ئەو بیر و بۆچوونە ساغانەی کە لەو پێناوەدا تێدەکۆشن.

خەلّکی کوردستان زۆر دەمێکە لە پێناو دۆزینەوەی رێگایەکی شیاو کە لەوێوە بتواندرێت چارەسەری یەکجاریی کێشەی کورد بکرێت ماندووبوون، ئەورۆش وا بە ئاسانی نابێت لە بیرمان بچێتەوە کە چەندین جار تووشی دەردەسەری و نارەحەتی بووین.دەبی لە بیریشمان بێت کە ئەوە دوێنی حزبە کوردی یەکان بوون لە شا خدا خەباتیان دەکرد و تۆ و نموونەکانی وەك تۆش ئارەزوویان تەنها دیدەنی یەکبوو بۆ ئەو وەجهانەی کە لە شاخدا کۆلّە پشت و رەختە و تفەنگیان بە شانەوە بوو، من هەمیشە خۆم بە بەرپرسیار دەزانم لە بەرامبەر ئەزموونی سیاسیی کوردستان و پێشم وایە دەبی هەموومان هەر ئاوا بیر بکەینەوە، دە سەیر کە کوری چاك ئێرانی یەك تا چەند لەگەلّ ئێران ی خۆیدایە و ئەمریکایی یەك تا چەند پارێزگاری لە ئەمریکای خۆی دەکات و فەلّەستینی یەکیش چۆن لە پێناو پیرۆزی یەکانی خۆیدا خۆی دەتەقێنێتەوە، ئەگەر مرۆڤێك لە ناو مالّێك یان لەناو خێزانێکدا یان وولاّتێکدا پەروەردە بی و پیرۆزی یەکانی پی پیرۆزی نەبن چ مرۆڤێکە ؟!.

زیاتر لەوە مەبەستەکە روون کردنەوەی ناوی ، بەلاّم لە کاك جوتیار دەپرسم : ئەری بۆ جارێك لە جاران هەلّە رۆژنامەوانی یەکانی هاوولاّتی وەك تۆ دەلّێیت دیوی رۆژهەلاّتی پیرەری نەگرتەوە ؟ ئەری بۆ لە هاوولاّتی ناپرسی بۆچی جارێك لەناو شاری سلێمانی و قەزاوناحیەکاندا لێپێچینەوەتان لە سەر رووداوێکی بەرچاو نەکرد ؟ ئەری بۆچی تاقمی جوندولئیسلام و ئەو تەیارە ئیسلامی یانەی دیکە کە لە دەقەری هەلّەبجەن بێلایەنانە مامەلّەیان لە گەلّدا نەکراو هاوولاّتی لەو وەزعانەدا تووشی تەرەفگیری بوو ؟لە هەمانکاتدا رووداوەکانی ناوچەی حاجی ئۆمەران کە ئاگرە سوورە لەوێشەوە زۆر دوور بوو فەوزایان لە سەر درووست کرا ؟، ئەری بۆچی رۆژنامەی هاوولاّتی پرسە گێریی بۆ گیانی کوری بەرپرسێکی ناسراو دەکات وخۆی بە خاوەن پرسەش دەزانێت ؟ لە کاتێکدا مردن یان شەهید بوونی دەیان مرۆڤ بۆ ئەوان جێگای قسە لە سەر کردن نی یە ؟و...هتد.



www.kurdistannet.org

جیا لەوە کی لە ئێمەمانان هەیە سەرچاوەی داهاتی ڕۆژنامەی هاوولاَتی نەزانێت ؟ حەزیشم دەکرد جەنابیشت ناوو ئیمێلی تایبەتیی خۆتم پێبلێی تاکو هەندێك قسەی دیکەت بۆ بکەم و تۆش ئەوکات لەوانەیە بێیە سەر ئەو بۆچوونەی من .

فەرمووتە هاوولاَتی بەر لە هەموو شتێك لە پرۆسەیەکدایە کە بەدەزگا بوونی ڕۆژنامە لە کۆمەلَگادا ئامانجیەتی ، دەپرسم کام ئامانج و لە ناو کام کۆمەلَگایەدا ؟ ئامانجێك کە دووبارە کردنەوەو چەند بارە کردنەوەی بلاَوکردنەوەی هەوالَ بە نادرووستی یان ئامانجێك کە وەك تۆ دەتەوی ؟! نازانم لە کوێوە ئەو قسەیەت هێنا، چونکە واریدە مامەلَە کردن لە گەلَ ڕووداوەکاندا بەلاَم ناشێت ڕووداوەکان بشێوێن، لە تەواوی یاساکانی چاپەمەنیشدا ئەگەر کاك جووتیار خوێندنەوەیەکی هەبێت بۆیان هاتووە کە دەبێت : ڕۆژنامەنووس ئەو بەرپرسیارێتی یە بە سەر شانەوە بگرێت کە پێی دەلَێن بەرپرسیارێتی نیشتمانی .پێشم وابێت بلاَوکردنەوەی هەوالَێکی لە شێوەی هەوالَەدرووستکراوەکەی بجیل لە لایەك بۆ ڕۆژنامەنووس خۆی و بۆ ڕۆژنامەکەش بەدەرە لەو فەقەرەیە.

لە کۆتاییی قسەکانیدا کاك جوتیار پێم دەلَێت لە جیاتیی قەلَەم کەلەپچەیەك هەلَگرەوببە بەمونتەسیبێك لەدەزگاکانی ئاسایش، من تێناگەم ئەو برادەرە کام دەزگای ئاسایشە دەلَێت ئەو دەزگایەی کە بەبەرچاوی ئەوو هاورێکانی یەوە باب و براکانی من و سەدانی دیکەیان بەرشەقداو ئەویش و هاورێکانی ورتەیان لە دەمەوە نەهات یان ئاسایشێك کە بە هەق ئاسایشی بۆ کوردستان گێراوەتەوە ؟!

بەشبەحالَی خۆم زۆرم پێخۆشە وشانازیش دەکەم کە پارتی دیموکراتی کوردستان منیان وەك ئەندام قبوولَە، چونکە ئەگەر تۆزە خوێندەواری یەکت هەبێت لە من باشتر دەیناسی و ئاگا شت لەو هەلَوێستە کوردانەیە هەیە کە ئەو وەك حزبێك لە بەرابەر ڕووداوو پێشهاتەکاندا پیشانی دەدات.

پێشم وایە لای تۆ حزبی بوون عەیبە چونکە ئەو کەش و هەوایەی کە تۆ لە ناویدا پەروەردە بووی بەدەرە لە کەش و هەوای حزبی . بۆچی نایەی و جارێکی دیکەش وشیارانە مامەلَە لە گەلَ ڕووداوەکان بکەیت، ئەگەر من وەك مەلایەك بە ئاشکرا فتوایەکم دەرکردبێت ئەی بەرێزت بۆچی ئاشکرایانە قسەت نەکردووە چونکە وەك دەزانم :ئەورۆ ئەو کەسانە بە نهێنی یەوەقسان دەکەن، کە لە کەشکۆلَیان دا سی و دووێکی تێدابێت !، ئەم کاتەش بە گونجاو نازانم ئەگینا لە سەر قسەی خۆم سوورم کە بەلَگە هەن قسەکانی پێشووترم دەسەلمێنن، لای خۆشمەوە جارێکی دیکە ستافی هاوولاَتی بە ستافێکی گەنج و تێگەیشتوو دەزانم و دەشمەوێت ئەوان لە کاك جوتیار وردتر مەسەلەکان بخوێننەوەو بە کەم و کوری یەکانی خۆیاندا بچنەوە و چارەیەکی بۆ بدۆزنەوە.

www.kurdistannet.org